www.kurdistannet.org
2-9-02 22:56:15 1

# تۆش غەدر لە (هاوولاتی) مەکە...

جوتیار

لە شەوی رابردوودا، هەر لەو سایتەدا بابەتێکم خوێندەوە لە ژێر ناوی (هاوولاتی غەدری لە بجیل کردوە)کە نوسەرەکەی (عوسمان ریشە)یە و پێ دەچێت شارەزایەکی باشو بەرفرەی لە سونەتو یاساکانی رۆژنامەوانی و ستایلی کارکردن لەو بوارەدا هەبێت..ئەو دێت بە زمانێکی هەتا بلێی شارەزایانە لە خەسلەتوو سروشتی دەسەلات، هەرەشە لە رۆژنامەی هاوولاتی دەکاتو پێیان دەلێت ئێوە سەر بە جیهەتێکی دیاری کراون و دەتانەوێ فەزایەک کە لێوانلێوە لە ئازادی و بەرقەراری ئاسایشی هاولاتیان تێکی بدەنو رۆشنیشە کە ستافی هاولاتی هوشیارانە مامەلە لە گەلّ هەلو مەرجەکەدا دەکات..هەموو بۆچونە چربوەکەی کاک عوسمان لە یەک خالدا خۆی دەردەخات، ئەویش نیشاندانی دلسۆزی و دلسوتانیەتی بە ئەزمونێک کە لە سایەی حیزبەکەی ئەودا ئەورۆ لە کوردستان بەرێوە دەچێتو وە بە ئاشکراش ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە پێویستە لە سەر رەخنە گران و رۆژنامە نوسان رەخنەیەک نەگرن کە کاریگەری هەبێت لە سەر تێکدانی مەبناکانی دەسەلاتی سیاسی و بێ هیچ گومانێک فەتوای لە ناوبردنو داخستنی رۆژنامە ئازادەکان دەدات.

من دەمهەوێ کاک عوسمان لەوە فراوانتر بیروانیبایە ئاستەکەو پێشیوانەبێ ئەگەر لە کوردستاندا رۆژنامەیەک سنور ببەزێنی قاچی لە تەلبەندەکە گیر نەبێ..من دلنیام لەوەی ئیستاش زۆر رۆژنامەو رۆژنامەنوس خوێنی تەلی ئەو سنورەیان بە پەنجەو قەلمەکانیانەوە ووشک بوەو بەلکو زۆریشیان نەزیف بوون..تێگەیشتنی کاک عوسمان لە ئازادی بەیان، بارتەقای تێگەیشتنیەتی لە هەلەی هەوالێک کە هاولاتی بلاوی کردۆتەوەو ئەوە بە گێرەشێوێنی و بە هەستنەکردن بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر ئەزمونی سیاسی وکەشی ئازادی پێناسە دەکات، خۆ شتێک کە ئەو لەبیری چوە باسی بکاتو ئاماژەی پێ نەکردوە ؛ خەتەری جدیەتی بلاوکردنەوەی هەوالی سەربرینی ئەو مانگایەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و کیانی سیاسی ئەو جوگرافیایە.ئەو برا برێزە کە ئاماژە بە هەولی فەردی خۆی دەکات لە پێناو رەخنەگرتنوئازادی رۆژنامەنوسیدا، لام وابێ لە دوادێرەکانی ئەو نوسینەی دا لە بیری دەچێتەوە کە باسی ئازادی روژنامە دەکاتوو پەنجەکانی لە قەلەمەوە دچنە سەر شمشێرو لە سەر پەراوەوە دەچێتە سەر میمبەری دەستەلاتو بانگەشەی داخستن ومافی سەنەوەی حەقی هاوولاتی بوون لە رۆژنامەی هاولاتی دەکات و دەشیەوێ لە پەنای تێروانینەکانی خۆیدا دەسەلاتی پارتی و ئەحساسیاتی خەلک بێنێتە خرۆش کە ئەو رۆژنامەیە سەر بە کانتۆنەکەی ئەوبەرەو دەبێ ئاگاداری بن و مافی ئازادی لێ وەرگرنەوە.کاکە عوسمان، بۆ هەمووومان رۆشنە کە بە درێژایی دەیەیێک، لەسایەی ئەو ئەزموونە سیاسیەی کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە لێدانی ترپەکانی دلی تۆ هەیە ؛چ سەرگەردانیەک رووبەو کۆمەلگایە بۆوە و چ خەراباتێک خولقا..بە درێژای دەیەیێک زیاترە خەلکی چاوەروانی نەفەسێکن کە سالەهایە لە سیەکانیاندا زیندانەو دەیانهەوێ ئازادی کەن،

مامەڵەکردنی خەڵکی لە گەڵ ئازادیدا ناکرێ حەکیمانە بێت، چونکە خەڵکی شەریان بۆ جەستەیەکی نەخۆش نەکردوە کە پێی بگوترێت ئازادی، بەڵکو شەری کۆمەڵگا لە پێناوی ئازادیەکی ساغو سەلیمو تەندروست باشدا بوە ئیدی چ پێویستیەکە خەڵک حەکیم بێت..ئەوە هەردەم بەشێکە لە فۆبیای دەستەڵات بۆ ئازادی کە خەڵک قاڵبرێژکەنو بە مەفاهیمی جۆراو جۆر لە بەرامبەر ئازادیدا پابەندیانکەن.کاک عوسمانیش هەر لەو مەنزوورەوە روو لە رۆژنامەی هاولاَتی و رۆژنامە سەربەخۆکانی دی دەکات، کە ئەگەر پابەندی ئەو ئازادیە نەبن کە بۆتان دەستنیشاندەکرێت؛ ئەوە کلیلی دەرگاکانتان لە دەستماندایەوتاد..من پێم وایە بۆ هەر رۆژنامەیەک دەکرێ هەواڵی هەڵەو هەڵەی چاپوو شتهایەکی دی کە پەیوەندیان بە بابەتی رۆژنامەوە هەبێ بە رەسمی بناسرێو خودی رۆژنامەکەش لەبەرامبەر هەر هەڵیەکدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێو راستی بکاتەوە، بەڵام نەک وەکو کاک عوسمان لە جیاتی ئەوەی رەخنەیەکی مۆدێرنانەو نوسەرانە ئاراستەی هاولاَتی بکات ؛ دێت مەلایانە لە میمبەرێکەوە فتوای لەناو بردنی دەدات..ماوەیەک بەر لە ئێستا خەبات و برایەتی بوختانیان بە بەرێز مسعود بارزانی کردبوو لەوەی کە خانوی شەهیدان ئیمکانیاتیان لە لایەن مەکتەبی سەرۆکەوە بۆ دابین کراوە، کە چی هەواڵکە دەرکەوت کە هەلەیەو مسعود بارزانیش جگە لە رەخنە فتوای داخستنی ئەو دوو رۆژنامەیەی نەدا، وە کەسێکیش باسی ئەزموونی کوردستانو ئەو موسیبەتەی نەکرد کە لە دەرەنجامی بلاَوبونەوەی هەواڵکی هەڵەدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا دێت، بەدەر لە هەموو ئەو تەعابیرە سەیرو سەمەرانە کە بەرێزت نیشانتداون ؛ هاتوی باست لەوە کردوە کە بەڵگەو دیکۆمێنتاری موسبیتت لە بەر دەستدایە کە سەلمێنەری ئەوەن زۆربەی رۆژنامەکان تەنها لە پێناو ئامانجی تێکدەرانەو گێرە شێوێنی ئەزمونی سیاسی کوردستاندا شت بلاَو دەکەنەوە،

من بە ناوی زۆربەی ئەو رۆژنامانە داوات لێ دەکەم کە هێندێک لەو دیکۆمێنتانە بخە بەر چاوی خەڵکو با خەڵکیش قەناعەت بێنن و ئاگاداربن لەو هەموو گێرەشێوێنیەی کە رۆژنامەکان دەیانهەوێ بیخولقێنن لە سایەی نسێی ئازادیدا..یەکێک لە نوسەرە ئۆروپایەکان دەڵێت (لە دەرەوەی هەر یاسایەکدا ئازادیەک چاوەروانمانە)..ئەگەر ئازادی یاساو قیودەکانی لە پێناسەکەی فراوانتر بوو ؛ ئیدی ئەو کات مانایەک بۆ دەستەڵاتی رەخنەو رۆژنامەش نامێنێتەوە..هاوولاَتی ئەگەر هەواڵێکی هەڵەش بلاَوبکاتەوە، بەلاَم لە پرۆسەیەکدایە کە بە دەزگابوونی رۆژنامە لە کۆمەڵگادا بەر لە هەر شتێک ئامانجیەتی، ئەوەش بەشێکە لە خەباتی خەڵکی ئازادی خوازو سکولارو بەرەومەدەنی بوونی کۆمەڵگا، جا ئەگەر جەنابیشت پێت وایە ئەو پرۆسەیە خەتەرێکی گەورەیە بۆسەر ئەزموونی سیاسی لە کوردستاندا ؛دەکرێت لە جیاتی قەڵەم کەلمچەیەک هەڵگریتو ببی بە مونتەسیبێک لە دەزگاکانی ئاسایش لە کوردستاندا، ئەگەر نا دڵنیابە رەوتی بە مەدەنی بوون و ئازادی رۆژنامە ناتواندرێ بە قەڵم رێگەی لێبگیردرێ.